# لە یادی لەدایکبوونی: زاناو فۆلکلۆرستی ناوداری کورد پرۆفیسۆر حاجی جندی

**کەریم شارەزا**

**زانای ناوداری کوردو فۆلکلۆرستی لێهاتوو پرۆفیسۆر حاجی جندی لەگوندی «ئەمەیخابری» لە قەزای قارس لە کوردستانی باکوور لەرۆژی 1908/3/18دا چاوی ژیانی هەڵێناوە. لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی 1918-1914دا حکوومەتی عوسمانی هەموو موڵک و ماڵی خێزانەکەی سووتاندووە و ئەوانیش لە ترسی زۆرداری و راوەدوونانی تورکە عوسمانییەکان ئاودیوی قەفقاس بوون و لە وڵاتی ئەرمەنستان گیرساونەتەوەو لەشاری یەریڤانی پایتەخت نیشتەجێ بوون.**

حاجی جندی دوای خوێندنی بنچینەیی و ناوەندی و ئامادەیی لەساڵی 1930دا خوێندنی کۆلیژی ئەدەبیاتی لە زانکۆی یەریڤان تەواو کردووە و لەساڵی 1940یشدا بڕوانامەی دکتۆرای لە ئاداب وەرگرتووە، لەساڵی 1940 تاکو 1959 مامۆستا بووە لە کۆلیژی ئەدەبیات لە یەریڤان و لەساڵی 1968دا نازناوی پرۆفیسۆری پێدراوە و لەپاش دامەزراندنی ئەکادیمیای زانیاری کورد واتە «کۆڕی زانیاری» لە بەغدا، لەساڵی 1973دا کراوە بە ئەندامی فەخری لەو کۆڕەدا. حاجی جندی زانای کورد خزمەتێکی زۆری ئەدەب و رۆشنبیریی کوردی کردووە تاکو لە رۆژی یەکشەممەی رێکەوتی 1990/4/1دا کۆچی دوایی کردووەو زنجیرەیەک لە بەرهەمی ئەدەبی و فۆلکلۆری و چیرۆکی چاپکراوی لە پاش بە جێما. جگە لە چەند بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی ئەدەبی کە ئەمانەی خوارەوە چەپکێکن لەو بەرهەمە بەهادارە بەنرخانەی کە سەرجەمیان دەگاتە 29 بەرهەمی بە کەڵکی:



1- بەیرەقا سوور- لەساڵی 1932 چاپکراوە و دەکەوێتە 105 لاپەڕە.

2- تراخۆما- لەساڵی 1933دا چاپکراوەو دەکەوێتە 12 لاپەڕە.

3- کەرو گۆلک، داستانێ سلێمان سلیڤی- نامەی دکتۆرایەتی و دەکەوێتە 247 لاپەڕەو لەساڵی 1947 دا چاپکراوە.

4- فۆلکلۆری کرمانجی-بەهاوبەشی لەگەڵ ئەمینی عەڤدال نووسیوویەتی و دەکەوێتە 664 لاپەڕەو لەساڵی 1936 دا چاپکراوە.

5- کەلامێ جماعەتا کورمانجا- دەکەوێتە 164 لاپەڕەەو لەساڵی 1936دا چاپکراوە.

6- مەمێ و عەیشێ- 40 لاپەڕەیەو لەساڵی 1935دا چاپکراوە و فۆلکلۆرە.

7- نڤیسارکاریدا کوردایە سۆڤێتی- دەکەوێتە 432 لاپەڕەو لەساڵی 1957 چاپکراوە.

لەبواری چیرۆک نووسینیشدا ئەم بەرهەمانەی داناوەو بە چاپ گەیاندووە:

1- شڤانێ کورد 1954

2- عەمۆیێ کرمانج، وەرگێڕانەو لە ساڵی 1955دا بەچاپی گەیاندووەو دەکەوێتە 68 لاپەڕە.

لەبواری شانۆگەریش ئەم بەرهەمەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:

رێیا تازە- دەکەوێتە 705 لاپەڕەو لەساڵی 1934دا بەچاپی گەیاندووە. جگە لەم بەرهەمە بەنرخانەشی فەرهەنگێکی «کوردی-رووسی-ئەرمەنی» داناوەو لەگەڵ زنجیرەیەک لە کتێبی وەرگێڕدراو بۆ قوتابخانە کوردییەکانی شاری یەریڤان.

سەرچاوە:

1- رۆژنامەی هەرێمی کوردستان-ژمارە 30 رۆژی 1996/10/28، نووسینێکی وەسفی حەسەن لەلاپەڕەی ئەدەب و هونەردا.

2- مستەفا نەریمان- فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد، بەغدا 1968.